www.kurdistannet.org
11/07/2003 02:50

# چەند ووتەیەکی بڵاونەکراوەی زیندەیاد د. قاسملوو ١٩٣٠-١٩٨٩
# بۆ یەکەم جار لە کوردستانێتدا بڵاو دەکرێتەوە

**'گە ئاڵە ، باشووری کوردستان، ساڵی ١٩٨٤، دەورەی کادیرەکان،**

**دەرسێک سەبارەت بە درووشمی بنەڕەتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران'**

**لە یادی چواردەمین ساڵی تیرۆرکردنی د. قاسملوو**

**ئامادەکردنی: س. ماکوان**

makwan@ikurd. com



**تێبینی:**

**لە گەڵ داوای لێبووردن، لە بەشی یەکەمدا هەڵەیەک ڕوویدابوو کە بەم شێوەیە ڕاستدەکرێتەوە:**

**بەهاری ساڵی ١٩٨٣ هەڵەیە و ساڵی ١٩٨٤ ڕاستە.**

**بەشی دووەم: بۆ بینینی بەشی یەکەم ئێرە کلیک بکە.**

... ئەوە بێنە سەر بەشی دووهەم: بڵێین باشە نا ئێمە ئیستقلالی کوردستانمان ناوێت. ئەگەر داوای ئیستقلال بکەین، ئیستقلالی هەموو کوردستانمان دەوێ. جا ئەگەر ئەوەمان گوت دیارە لە چوارچێوەی داخیلی ئێران دەچینە دەرێ، دەچینە سەتحێکی دیکە، دەچینە سەتحی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. داوای ئیستقلالی کوردستان کردن یانێ تێکدانی سنووری چوار دەوڵەتان. دەوڵەتانی عەرەبی وەک عێراق و سوریە. کەوابوو داوای سەربەخۆیی کوردستان کردن تەرەف بوونە نەک هەر لە گەڵ دوو دەوڵەتی عەرەبی، بەڵکوو لە گەڵ زۆر دەوڵەتی عەرەبی دیکەش. با نەڵێین هەموویان بەڵام زۆری دیکە هەن کە پشتی ئەو دوو دەوڵەتە عەرەبییانە دەگرن و موخالیفەت دەکەن کە کورد پارچەیەک لە خاکێکی لە وڵاتانی ئەوان کە بۆ خۆیان دەڵێن جودا بکاتەوە. ئسوولەن زۆر کەس لە ئەوانەی کە ئیستا لە سوریە و عێراق لە سەرکارن —سەر حوکمن-، خۆ قسەیان ئەوەیە کە کورد ئەو خاکەی کە ئێستا تێدا دانیشتووە لە دوو وڵاتە عەرەبییەکە {عێراق و سوریە} هی خۆی نیە، {کوردەکان} میوانی وڵاتانی عەرەبین، خاکەکەی هی ئەوانە. لە سوریە بە تایبەتی زۆر نموونە هەیە. {بۆ نموونە} جێگایەک ناوی کانی کوردان بووە، دیارە بە عەرەبی دەبێتە 'عین الكراد' لە پێشدا هاتوون ئەکرادیان گۆڕیوە و کردوویانە بە عەرەب و لە پاشان ناوی کوردی کانیان لابردووە و کردوویانە بە 'عین العرب'. زۆر جێگای واهەیە ناوەکەیان بەم شێوەیە گۆڕیوە. مەبەست ئەوەیە تەرەف دەبین لە گەڵ چەند وڵاتی عەرەبی، واقێعبینانە وڵاتانی

عەرەبیش ئێستا لە دونیادا ڕۆژ بە ڕۆژ نفوزیان دەچێتە سەرێ. بۆچی؟ چونکە ئیمکاناتی ئابووریان زۆرە، نەوتیان هەیە. زۆر لە وڵاتان پێیان خۆشە لە گەڵ وڵاتانی عەرەبی ڕەوابیتی ئابووریان هەبێ. پێوەندی تەجارەتیان هەبێ. قازانجیان هەیە. لە نەتیجەدا وڵاتانی عەرەبی پێکەوە ئەگەر هەموشیان نەشی کەن، زۆریان لە پشتی ئەو دوو وڵاتە ڕادەوەستن.

دوو وڵاتەکەی دیکە یەکێکیان ئێرانە و ئەوی دیکەشیان تورکیەیە. تورکیە بەشێکە لە سازمانی ئەتلانتیکی شیمالی-ناتۆ-. جوداکردنەوەی بەشێک لە خاکی یەکێک لە ئەندامانی ئەتنلانتیکی شیمالی هەروا ئاسان نیە. چونکە تورکیە لە پەیمانێکی نیزامی دایە لە گەڵ وڵاتەکانی ئورووپای ڕۆژئاوا، لە گەڵ ئامریکاو کانادا، دیارە پشتی بە قەوەتە. ئەوە نیە کە بێن و مەوافیقەت بکەن و بڵێن بفەرموون بێن خاکی تورکیە بەرن. چونکە خاکی تورکیە، کوردستانی تورکیە بەشێک لە خاکی یەکێک لە ئەندامانی هەرە موهیم و ئیستراتیژیکی پەیمانی ئەتلانتیکی شیمالیە. ئێرانیش دیارە بۆ خۆی وڵاتێکی چەند ملیۆنییە. ئەویش بۆ خۆمان دەبینین ئێستاش پاش تێکچوونی ڕژێمی شاهنشاهی قودرەتی هەیە و پشتی جبهەی هەیە. جودابوونەوە یان جوداکردنەوەی ئێرانیش {ئاسان نیە} دوژمنایەتی خۆی لە گەڵ هەر کەسێک و هەر بەشێک جودا بێتەوە هەیە. ئێستا لە وڵاتانی ئافریقایی کە موستەعمەرە بوون ئیستقلالیان وەرگرتووە، دیارە ئیستعمار زۆر زیرەکانە سنووری داناوە کە دەبینین مەسەلەن یەک میللەت دابەش کراوە، بەشێکی لە وڵاتێکی دیکە کەوتووە. لە نەتیجەدا ئەو وڵاتانە ئێستا دەیانهەوێ بەشێک لە سنوورەکانی خۆیان بگۆڕن. ئەو شەڕە کە دەبینی لە زۆر وڵاتانی ئافریقاییدا هەیە زۆریان لە سەر ئەوەیە. بەڵام حەتا لەوێش ئیمکانی گۆڕینی سنوور زۆر زەحمەت بووە، چ بگا بە ئیمکانی گۆڕینی سنوورێک {وەک کوردستان} کە لە پاش شەڕی یەکەمی جیهانی دانراوە، ئەویش لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کە یەکێک لە مەراکزی- ناوەند- هەرە گرینگی ستراتیژی و ئابووریە لە دونیادا.

ئەوە لە باری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، دیارە لە باری نێونەتەوەیشەوە هەر وایە. ئەگەر ئێمە بمانهەوێ ئیستقلالی کوردستان وەربگرین دەبێ لە موقابیلی دوو دەوڵەتی عەرەبیدا کە عەرەبەکانی دیکەش پشتیوانیان لێدەکەن و تورکیەو ئێرانیش و لە سەر یەک لە بەرانبەر هەموویاندا ڕاوەستین. با بزانین جارێ ئەو هێزەمان هەیە. ئێوە بۆ خۆتان دەزانن کە ئێستا کوردستانی ئێمە نیسبەت بە کوردستانەکانی دیکە وەزعمان باشترە. لە باری جوڵانەوەوە لە پێشترین، بەڵام لە گەڵ ئەوە جارێ ئەو هێزەمان نەبووە کە بتوانین خودموختاری بە سەر ڕژێمی ئیسلامیدا بسەپێنین. ئەو برادەرانە کە مێندیکیان دەڵێن ئێمە ئەو هەموو زەحمەتە دەکێشین، ئەو هەموو شەهیدە دەدەین با بۆ ئیستقلال بێ. من لە بەرانبەردا دەڵێم باشە، بەڵام ئێمە ناتوانین خودموختاری وەربگرین، چ بکەین بۆ ئەوە کە بتوانین ئیستقلال وەربگرین. ئێمە ئەگەر بمانهەوێ ئیستقلال وەربگرین دەبێ هێزێکی جوڵانەوەی نەتەوەیی یەکجار بە هێزمان هەبێ لە هەر سێ وڵاتی ئێران، عێراق و تورکیە. چونکە تورکیە زۆر موهیمە. تورکیە نیوەی دانیشتوانی هەموو کوردستانی تێدا هەیە. ئەگەر کورد بیست ملیۆن بێ، دوازدە ملیۆن کەسی لە تورکیەیە. باشە ئایا عەمەلەن جوڵانەوەیەکی ئاوا هەیە. جوڵانەوە لە کوردستانی تورکیە پەراکەندەیە -پرش و بڵاو-. وەزعێکی وا شپرزەیە هەر ناکرێ پێی بڵێین جوڵانەوە. لە کوردستانی عێراق بۆ خۆمان دەزانین کە هەیە، بەڵام دیسانەکە لەو وەزعەدا نیە کە کوردی عێراق بتوانن داخوازەکانی خۆیان- تەئمین- بکەن. ئێرانیش بۆ خۆتان دەزانن وەزعمان چۆنە، باسی سوریەش ناکەم چونکە ئەو لە دوای ئەوە دایە، لەوێ جارێ هیچ جوڵانەوەیەکی ئەوتۆ نیە. کەوابوو ئێمە بە چ هێزێک دەتوانین سنووری چوار دەوڵەتان بشکێنین و کوردستانی گەورە ساز بکەین. ئەو هێزەمان نیە، لە باری داخیلییەوە لە باری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە کەس نیە پشتیوانیمان لێ بکا لە بەرانبەر ئەو هەموو دوژمنە کە هەمانە. چونکە ئەگەر ئێمە داوای ئیستقلالمان کرد، دیارە ئەو وەختە وەک ئەورۆ نابێ. ئێستا ئێمە لە سنووری خاکی کوردستانی عێراق دانیشتووین، سبەینێش لێرە ناتوانین دانیشین، چونکە عێراق موخالیف دەبێ، ئێرانیش موخالیف دەبێ، تورکیەش موخالیف دەبێ، ئیدی ئەتۆ ڕێگا و دەرەتانت لە باری جوغرافیاییەوە بۆ دەرەوە نیە. لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دۆستێک نیە. دەڵێن موعەمەر قەزافیی یەک دوو جار گوتوویەتی کە لایەنگری سەربەخۆیی کوردستانە. موعەمەر قەزافی چی پێ دەکرێ بۆ کورد، لە باشترین حاڵەتدا دەتوانێ یارمەتییەکی مەسەلەن ماڵیت بداتێ کە ئەوە بە هیچ جۆرێک بۆ ئەو مەسەلە کاف نیە.

لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە بچینە سەر سەتحی جیهانی. بزانین باشە لە دەوڵەتە گەورەکان یان دەوڵەتەکانی مەتوسیت-نێونجی- کێ ئامادەیە پشتیوانی لە سەربەخۆیی کوردستان بکا. ئەسلەن ئەوە لە نەزەر بگرین، ئامریکا بێ دۆستایەتی خۆی لە گەڵ تورکیا تێکبدا کە ئەندامی ناتۆیە و بە یارمەتی ئامریکا دەژی، بۆچی بۆ ئەوە کە میللەتی کورد هەیە، ئیستقلالی بداتێ، ئایا ئامریکا دەبێ

ئەوەندە ئینساندۆست. . . بێ، پێم وانیە. کەوابوو وڵاتە غەربییەکان بە گشتی ئوسولەن پێیان خۆش نیە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کە بۆیان حەساسە و قازانجی ئابووریان هەیە، نەوت دەبەن و سیلاحیان پێدەفرۆشن، قازانجێکی زۆری توجاریان هەیە، بێن و پشتیوانی لە شتێک یان پەدیدەیەک –دیاردەیەک- بکەن کە سنووری چوار دەوڵەتان تێکدەدا، بۆ بیکەن؟ شتێک کە مەعلوومە عاقیبەتەکەشی دەبێتە چی. دەوڵەتان پێش لە هەموو شتێک قازانجی خۆیان لە بەر چاو دەگرن و بە مەسڵەحەتی خۆیان دەکەن.

بەشی دووهەمی دەگەڕێتەوە سەر یەکیەتی شورەوی و وڵاتانی سۆسیالیستی. ئەو وڵاتانەش دیارە لە گەڵ ئەوەی کە وڵاتی سۆسیالیستین و لە ئەسڵدا لایەنگری مافی دانانی چارەنووسی میللەتانن بەڵام ئەوانیش لە شەرایەتی ئێستادا کە ئێمە باسی دەکەین نایەن و لە هیچ و خۆڕایی خۆیان تووشی مەسەلەیەک بکەن کە دوژمنایەتی تورکیە و ئێران و عێراق و بە تایبەتی عەرەبی تێدا بێ. وەختێک پێش لە ١٩٥٦ یانێ لە واقیعدا لە بەینی تێکچوونی جمهووری مەهاباد و ساڵی ساڵی ١٩٥٦ دەکاتە یازدە ساڵ لەو فاسیلەیەدا یەکیەتی شورەوی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کوردستانێکی سەربەخۆ دەگونجێ. بەڵام پاش ساڵی ١٩٥٦ کە پێوەندی لە گەڵ وڵاتانی عەرەبی بە هێزتر بوو لە پێشدا لە گەڵ ئێران و پاشان لە گەڵ عێراق و دوایەش لە سوریەو وڵاتانی دیکە دیارە بەرە بەرە لە ئەو ستراتیژییەی {پێشوو} پاشەکشەی کردو ئێستاش لە ستراتیژی یەکیەتی سۆڤیەتیدا شتێکی ئاوا نابینین. نموونەش ئەوەیە کە شەش ساڵە شەڕ دەکەین، هەر جارێ تەنیا بۆ خودموختاری نەماندیوە کە یەکیەتی سۆڤیەتی خۆی بە ئێمەوە ماندوو بکا. دیارە وەختێک حیزبی توودە جنێوی پێدەداین، ئەو جنێوی نەدەدا و وەدوای سیاسەتی حیزبی توودە نەکەوت. ئەوەش واقعیەتێکە بەڵام ئەو جۆرە کە بە کردەوە یارمەتی مەلا مستەفای دەکرد کە تەواوی سیاسەتی داخیلی دژی سۆڤیەتی و کۆمۆنیستی بوو بە هیچ جۆرێک یەک دەهومی – یەک لە دە- ئەو ئەهمیەتی نەدا بە وەزعی کوردستانی ئێران، لە حاڵێکدا کوردستانی عێراق جیران نەبووە، ئێمە جیران و دەراوسێی یەکیەتی سۆڤیەتین. لە شەرایەتی ئێستادا کەوابوو ئەوەش لە بەرنامەی ستراتیژی ئەودا نیە. ئیستقلالی کوردستان ئیمکانی هەیە لە یەک بارەوە بە تایبەتی لە تورکیە، چونکە تورکیە ئەندامی ناتۆیە. ئەوەندە کە ئامریکا پێی ناخۆشە، ئەوەندە یەکیەتی شورەوی پێی خۆشە کە کوردی تورکیە بجوڵێتەوە، دیارە پێیخۆشە تا خودموختاری یان تا ئیستقلال، ئەوە پاشان بەستراوەتەوە بە {جۆری} حەرەکەتەکەی.

کەوابوو {بە کورتی دەتوانین بڵێین} لە باری داخیلییەوە ئەو هێزەمان نیە داوای ئیستقلال بکەین. لە باری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە کۆسپ هێندە زۆرن کە ناتوانین، لە پاشان وەزعەکە بە ئێمە ئیجازە نادا. لە باری بەینەلمەللییەوە–نێونەتەوەییەوە- هیچ پشتیوانییەکی ئەوتۆمان نیە. دەوڵەتێک پەیدا دەبێ مەسەلەن وەک فەرانسە یان یەکێکی دیکە دوو بۆرسمان دەداتێ یان دوو ویزامان دەداتێ یان بریندارێکمان لێ وەردەگرێ ئەوە نابێتە ئیستقلال. چونکە داواکردنی ئیستقلال شەڕێکی دوورو درێژ و پشتی جبهەی دەوێ، یارمەتی دەوێ. ئێستا ئەگەر ئێمە پشتی جبهەمان هەبێ دەمانتوانی خۆمان ڕابگرین. بەڵام بەو شێوەیەی ئێستا، مەسەلەن بریندارێکت هەیە دەینێری بۆ نەخۆشخانە، هاتوو چۆمان بە ئەوێدا دەبێ. . . . بە تایبەتی ئەوەمان لە بیر نەچێ ژئۆپۆلیتیک کە دەڵێم باسی جوغرافیای سیاسی دەکەم {گرفتی گەوەرەی ئێمەیە}. ئەوەیە کە ئێمە ڕێگاشمان بۆ دەریا–بەحر- نیە. مەسەلەن وەک بەنگلادیش ئەگەر ڕێگامان بۆ دەریا هەبا ئەوە ئیستقلالی خۆمان وەردەگرت. . . ئێمە موحاسیرەین –گەمارۆ دراوین- لە بەینی ئەو چەند دەوڵەتەدا.

کەوابوو بە کردەوە داوا کردنی ئیستقلال بۆ ئێمە لە شەرایەتی ئێستادا بۆ ماوەیەک ڕەنگە زۆر شوعارێکی–درووشمێکی- عەمەلی نەبێ. بێجگە لەوە کە عەمەلی نیە، زەرەریشی هەیە، زەرەرەکەی لە چی دایە؟ زەرەرەکەی ئەوەیە هەر کە ئێمە داوای ئیستقلالمان کرد مەسەلەن لە کوردستانی ئێران عەمەلەن و ئاشکرایە شەڕمان لە گەڵ دەکەن، ئەو هێزەمان نیە هیچ، ئەو هێزە ئێرانیانە، ئەو هێزە تورکانە و ئەو هێزە عێراقییانەش کە دیمۆکراتن و {ئێستا} هاوکاریمان لە گەڵ دەکەن، {ئەو دەمە} ئەوانیش تازە بە زەحمەت هاوکاریمان لە گەڵ دەکەن یان لە دوارۆژدا ئیمکانی هەیە هاوکاریمان لە گەڵ نەکەن. دیارە بۆ خۆتان هێزێکی وەک موجاهیدین {دەناسن} کە خودموختاری پێ هەزم ناکرێ چ بگا بە ئەوە کە ئێمە داوای جودابوونەوە بکەین. لەو بارەشەوە بە تاقی تەنیا دەمێنینەوە لە نێوان ئەو چەند دەوڵەتەدا، ئەوە ئیمکانی نیە کە بتوانین شوعاری ئیستقلال تەحمیل بکەین بە سەر ئەو دەوڵەتانەدا.

ئەوە لێکدانەوەی ئێمە بوو، کەوابوو گوتومانە، ئەمن وادەڵێم نەک بڵێم نەزەری حیزبی دیمۆکرات، دەڵێم نەسڵی ئێمە نەسڵی

خودموختارییه، نه‌سڵی خودموختاری و دیمۆکراسییه. ڕه‌نگه نه‌سڵی دواڕۆژ، نه‌سڵی داهاتوو نه‌سڵی سه‌ربه‌خۆی و سۆسیالیزم بێ. .

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

**درێژه‌ی هه‌یه**

كوردستان نێت www.kurdistannet.org